# چیرۆکە کوردییەکان

وەرگیراو لە فۆلکلۆرەوە

کۆکردنەوە و پێداچوونەوەی:
حەیدەر لوتفی‌نیا

بەخشانکاری بیربار
سەقز - ١٣٩٤

www.ketab.ir

سرشناسه : لطفی نیا، حیدر

عنوان و نام پدیدآور : چیرۆکه کوردییه‌کان: وەرگیراو له فۆلکلۆرەوه

مشخصات نشر : سقز: بیریار،۱۳۹۴

مشخصات ظاهری : ۲۴۸ص.

شابک : ۹۷۸-۶۰۰-۹۵۱۱۰-۴-۴

وضعیت فهرست نویسی : فیپای مختصر

شماره کتابشناسی ملی : ۳۸۲۵۱۸۳

پەخشانکاری بیریار

Biryar۷۱۴@gmail.com

سەقز، محەممەدی: ۰۹۱۸[illegible]۶۰۶۵۴



| | |
|---|---|
| ناوی کتێب : | چیرۆکه کوردییەکان |
| نووسەر : | حەیدەر لوتفی‌نیا |
| پەخشانکار: | بیریار |
| هەڵەگر: | ح.محەممەدی |
| ڕووبەرگ: | سماییل ڕەزایی |
| پیتچنین و دیزاین: | ئومید موقەدەس |
| ساڵی چاپ: | ۱۳۹٤ی هەتاوی |
| ئەژمار : | ۱۰۰۰ بەرگ |
| نرخ : | ۱۲۰۰۰ تمەن |



مافی چاپ و بڵاوکردنەوە بۆ نووسەر پارێزراوە

www.ketab.ir

# پێڕست


پێشەکی.................................................... ٧

زڕدایک.................................................... ١٩

مەلی سەعادەت.................................................... ٢٧

تیتل و بیبل و چناکێ.................................................... ٣٧

مریشک و ڕێوی.................................................... ٣٩

دەرزی ئاژن.................................................... ٤١

فێڵی ڕێوی.................................................... ٤٤

مەلەک جەمشید.................................................... ٤٥

بالوولی زانا و هاڕوون ڕەشید.................................................... ٤٩

خوا لە سوڵتان مەحموو گەورەترە.................................................... ٥٤

مەکری ژن.................................................... ٦٥

حەسەن مەیمەنی، هەیاس خاس و سوڵتان مەحموود.................................................... ٧٣

بالوول.................................................... ٨١

کوڕی داماو.................................................... ٨٤

مامە و برازا.................................................... ٩١

تۆفیق ڕاوچی.................................................... ٩٧

گوڵی پیر و جوان.................................................... ١٠٩

وەنەوش و بەڕەزا.................................................... ١٢٥

بەرهەمی ئەوین................................. ١٣٣

پینەچی................................. ١٤٠

خاکەماڵ................................. ١٤٦

بیژەن و مەنیژە................................. ١٦١

مەلەک جەمشید................................. ١٧٠

کوڕە کەچەڵ................................. ١٧٤

عیسا و موسا و شێتە................................. ١٨٣

دوو خۆشک و کوڕی خاقان................................. ١٩٥

مەلای کتێبسوور................................. ٢٠٢

هەرچی خودا نەیدا، سوڵتان نایدا................................. ٢٠٩

کچی پاشا................................. ٢١٣

من چارەنووسم!................................. ٢١٤

پیرێژنی جادووگەر................................. ٢٢٠

حاتەمی تەی................................. ٢٢٣

گیسکەکەی هەیاس................................. ٢٣٢

دەچم شەش دار لە خودا دەدەم................................. ٢٣٦

چەقەڵ خۆی لێ بووە بە تاوس................................. ٢٤٣

ئەوەی دزی بکا، هەر ئەو زەرەر دەکا................................. ٢٤٥

دەشخورێ و دەشتێشی................................. ٢٤٧


www.ketab.ir

بسم الله الرحمن الرحیم

# پێشەکی

ئەفسانەکان، ئاوێنەی بێ گەردی نەتەوایەتین، کە ژیان و بەسەرهات و ویست و ئاواتە بەدی‌نەهاتووەکانی مرۆڤ لە زەمانێکی بێ‌زەمانی و مەکانێکی بێ‌مەکانییەوە دەگێڕنەوە، زۆربەی ئەفسانەکان دەنگ و ڕەنگ و بۆن و بەرامەی چاخەکانی پێش مێژووی پێشینە، سینگ بە سینگ و پشتاوپشت هاتووە و گەیشتۆتە ئێمە، زۆربەی ڕابوردووەکان جاری وایە کورت و جاری وایشە درێژ بوونەتەوە، ئەفسانەکان ڕۆژێک لە دایک دەبن و پەرە دەستێنن، ئەگەر نەنووسرێنەوە یان بە جۆرێک تۆمار نەکرێن، ڕۆژێک دەمرن؛ ڕەنگە لە یەک دانە ئەفسانە چەند شکڵ و شێوە بێ، بەڵام بە پێی داب‌ونەریت و جوگرافیا و لە نێوان گەلاندا ئاڵ‌وگۆڕیان بەسەردا بێت کە هەموو ئەو تێکستانەی کە لە سەر ئەفسانەیێک کۆ دەکرێتەوە زۆرتر دەنگ و خورپەی گەلان لە گەلان بە یەکتر نزیک دەکاتەوە و بەرەو یەکیەتی کەلتووری و مێژوویی و تەنانەت توورەیی و هتد دەبات.

جیهانی بەربڵاوی ئەفسانەکانی کوردی، پڕیەتی لە دوو هێزی ئەزەلی چاکە و خراپە، ڕووناکایی و تاریکایی. واتە بە گشتی ...

ئەهۆرایی و ئەهریمەنییە.

لە ئەفسانەکاندا بە سەرهاتەکان، کەسایەتییەکان و تەنانەت شوێنەکان، جادوویی و پەڕسروشتی دەبنەوە. کە بەشی زۆری ئەم ئەفسانەگەلە لە دڵی ئوستوورەکانەوە هەڵقوڵیون و دەگەڕێنەوە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو. لە ئەنجامی هەر ئەفسانەیێک خێڵی چاکە و ئەهوورایی بە سەر خێڵی شەڕ و ئەهریمەنیدا سەردەکەوێ. کەسایەتییەکانی شەڕ و خراپە، ئادەمیزاد نین وەکوو دێوەکان، ئەکوانەکان، جادوگەرەکان، ئەجنە و ئەژدیها و بەڵام قارەمانەکانی خێڵی چاکە و ئەهوورایی، ئادەمیزاد یان نیوە ئادەمیزادەکانن.

لە ئەفسانەکاندا جیاوازی وایە شمڵەکان بە پێی ژیان و دابونەریتی تایبەتیانەوە جیاوازییان هەیە، بو وێنە ڕێوی لە کەلتووری بڕێک لە گەلاندا شمڵی حەماقەتی هەیە بەڵام لای ئێمەی کورد و ئێرانیدا بە پێچەوانەوە، زۆر زرەنگ و عاقڵ و فێڵەبازە؛ کەچی لە کەلەپووری خۆماندا کەروێشک شمڵی حەماقەت و گێژ و وێژییە.

بەشێکی زۆری ئەفسانەکانی کوردی، هەروا کە وتمان دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژوو و دڵی ئوستوورەکان و جیهانی هەست و خەیاڵ، باسی تێکهەڵچوونی خێڵەکان و تایفەکانن لە چاخەکانی پێش مێژوودا، ئەو ئەفسانەگەلەی کە باسی شەڕ و بەربەرەکانێی قارەمانە، لەگەڵ ئەکوان و دێو و جن و پەری. ئەم بەشە لە ئەفسانەکان بە گشتی لە نێو میللەتاندا پێوەندی و نزیکایەتییان هەیە، کە نیشانەی چاخ و دەورێکی هاوبەشە لە ژیانی

www.ketab.ir

بەشی دووهەمی ئەفسانەکانی کورد، لاك و مۆری ژیان و جوگرافیا و کەش‌وهەوای کوردستان و کۆچ و کۆچبار و ژیانی ئاژەڵداری پێوەیە، شەڕ و کێشەی قارەمان، بە پێچەوانەی بەشی یەکەم، دەگەڵ مرۆڤەکانی دژقارەمانن، تەنیا ئەتوانین بڵێین قارەمانی شملی چاکە و مرۆڤایەتی، بە سەر شملی هێزی خراپە و تاریکاییدا سەر دەکەوێت، تەواوی قارەمانەکانی ئەهوورایی بە سەربەسەر تەنگ و چەڵەمەیێکدا سەردەکەون، لەم بەشەی ئەفسانەکاندا باسی ئەوین و حەزلێکەری قارەمان زۆرتر ڕەنگی ئینسانی دەگرێتە خۆی و ئەفسانەکان لە دونیای جن و پەری و خواوەندان، جودا دەکاتەوە.

تەنیا لەم جۆرە ئەفسانەگەلەدا خراپەکان و دژقارەمانەکان بە دێو و درنج و ئیتر هێزە خراپەکان دەنوێنن و قارەمان و چاکەکان بە هێزە ئەهورایی و ئاسمانییەکان، زۆربەی حەماسەکانی نەتەوەیی، ئەم لاك و مۆرەیان پێوەیە. بە تایبەت پیرۆزایەتی گیانلەبەرگەلێك وەکوو ئاسک، ئەسپ، گا و ناڵدار و باڵدار دەبینرێ.

بەشێکی‌تری (سێهەم) ئەفسانەکانی کوردی، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ژیانی دەست‌پێکردنی کشت‌وکاڵ، تاکو ژیانی شارستانەتی. ئەم بەشەی چیرۆکەکان زۆرتر بۆن و بەرامەی ڕیالیستی یان نیوە ڕیالیستییان پێوەیە. بە تایبەت ئەفسانەکان بە دوو چینی هەژار و دەوڵەمەند، دابەش دەکرێن. لە برێك لەم ئەفسانەگەلەدا کچە هەژارێك یان کوڕە هەژارێك دەگەن بە کوڕی پادشا یان کچی پادشا. بە تایبەت لە چاخی فیئۆدالیدا، لە

www.ketab.ir

ئه‌فسانه کوردییه کاندا به جوانی ده‌بینرێ له گه‌ڵ پته‌و بوونه‌وه‌ی ژیانی شارستانه‌تی، ئه‌فسانه کان زۆرتر به‌ره‌و ڕووداو و سه‌رگوزه‌شته ده‌ڕۆن که له ئه‌نجامدا ئه‌فسانه کان جێگه‌ی خۆیان ده‌ده‌ن به چیرۆک به شێوه‌ی ئه‌مڕۆیی و ڕه‌نگی ئه‌فسانه کان هێور هێور که‌م ده‌بێته‌وه. بنه‌مای زۆربه‌ی چیرۆکه گه‌وره و قووڵ و ماناداره کانی ئه‌مڕۆ ڕیشه‌ی له ئه‌فسانه کۆنه کاندا هه‌یه و که‌ڵکی له‌و بیر و باوه‌ڕه کۆنانه وه‌رگرتووه. له ئه‌ده‌بی کوردیدا سه‌دان ئه‌فسانه و هه‌قایه‌ت و ڕووداو و سه‌رگوزه‌شته ده‌بینرێ که تاکوو ئێسته زۆربه‌یان لێ چاپ و بلاو کراونه‌ته‌وه، به‌ڵام مه‌به‌ست ئه‌وه نییه که هه‌موویانمان کۆ کردبێته‌وه، زانایان به جۆرێکی تر ئه‌فسانه کانیان دابه‌ش کردوه به هه‌قایه‌تگه‌لی خوڕافی و گیانله‌به‌ران و مێژوویی.

له ئه‌فسانه گه‌لی گیانله‌به‌ران، مرۆڤ له زمانی گیانله‌به‌ره کانه‌وه قسه‌ی دڵی خۆی ده‌کات، له‌م جۆره ئه‌فسانه گه‌له، له ئه‌ده‌بی فارسیدا کلیله و ده‌منه و مه‌رزبان‌نامه و له ئه‌ده‌بی جیهانیدا «باخچه‌ی گیانله‌به‌ران»ی «جۆرج ئۆروێل» ده‌بینرێ، به تایبه‌ت له ئه‌ده‌بی فۆلکلۆری کوردیدا، ئه‌و ئه‌فسانه گه‌له‌ی بۆ منداڵان گوتراوه، پڕیه‌تی له‌م چه‌مکانه، لایه‌نێکی هه‌ره قووڵ و دێرینه‌ی ئه‌فسانه کانی کورد، باسی بیر و باوه‌ڕی کۆن و که‌ونارای ئه‌ساتیری و دینیمان بۆ ده‌گێڕنه‌وه، زۆربه‌ی ئه‌م به‌سه‌رهاتگه‌له له لایه‌ن هێزه کانی په‌رسروشتی و ئاسمانییه‌وه به‌ڕێوه ده‌چێ.

www.ketab.ir